
# پیاوێ مایسترۆی دڵی منه


دڵکەش قادر

پیاوێک مایسترۆی دڵی منە
پیاوێ بە هەموو وجوودییەوە
خەونم دەدزێ و
شێتانە مەستم دەکات
شێتانە ئالوودەی خەیاڵی خۆیم دەکات.
پیاوێ زاڵمانە لە دوای باران
شەبەنکی چاوی
گەرمی هەناسەی
قژی ئاڵۆسکاوم شانە دەکات.
من و تۆ لە پێکێک پێکەنین و
میلۆدییەکی مەردان* ئاوێتە...
من و تۆ
لە مەرکانەی ئاوازێ و
جوانی مێخەکبەندان و
بۆنی قەنەفڵ
شێتبوون تا ئاڵوودەبوون، تا توانەوە
تا گەیشتنە ماڵی چێژ.
پیاوێک ماسترۆی خەیاڵ و
جووتە شەمامەی باخچەیەکی بێناز و
ئارەقی هەڵگۆفینی ئەو چاوانەیە تا گەیشتن بە دواهەمین تاریکی شەو
پیاوێک نەناسراوانە و شێتانە

منی ئاوێزان کرد.
ئەی جونتر لە باخچەکانی عەددەن ئاشتم کەوە و
ڕاپەڕینێکت لە نێو دڵی منا هەڵگیرساندووە و
دەروازیەکت چێکردووە بەناوی ئازادی و
وڵاتێکت لە سەر سینەی من نەخشاندووە بێناو وەک دڵی نەورەسێکی وێڵ
پیاوێ خەیاڵتر لە تیشکی هەتاو
پیاوێ مایسترۆی خەیاڵی منە.

سلێمانیی
دڵکەش قادر

*عەلی مەردان